بەندکراوانی زیندانی ناوەندیی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانیان لە خواردن گرت

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان ئەمڕۆ سەشەممە ڕایگەیاند کە کەمێک بەندکراوی زیندانی ناوەندیی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانیان لە خواردن گرت بەهۆی زەوتکردنی مافەکانیان و لە بیاننامەیەکدا ڕوونیکردەوە، "ڕۆژی دووشەممە (23ـی تشرینی یەکەمی 2023)، 44 زیندانی سیاسی لە بەندینخانەی "ئیرشاد"ـی زیندانی ناوەندیی ورمێ، وەک ناڕازایەتییەک لە ئاست نەبوونی خزمەتگوزاریی پزیشکی و ڕەگریکردنی دامودەزگا ئەمنییەکان لە پەدانی ئازادیی مەرجدار و بەهرەمەندبوون لە مەتی پشووی کاتی و دانانی کامەرای چاودێری لە توالێتەکانی ئەو بەندینخانەدا، مانیان لە خواردن گرت".